# جلوبەرگەکانی ئازادی

**١. ئازادییەکی قات و بۆینباخ لەبەر (ئازادی بۆ کڕین و فرۆشتن)**

لەگەڵ زۆرتر ئالوودەبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە رواڵەت پەرستی، ئیتر چەمکی ئازادی دەبێتە تابلۆیەکی رازاوە و پڕ لە بریسکەی باڵەخانەیەکی چۆڵ و تاریك، نە واتای تەواوی خۆی دەبەخشێت و نە گرنگییشی دەمێنێت.

بازرگانەکانی ئازادی بە دروشمە بێ ناوەڕۆك و کردارەکانیان تەنانەت مافی پرسیارکردنیش ناهێڵن، لای ئەوان بەهای دراو بڕیاردەری هەموو بوارێکی ژیانە.

ئازادی مافی هەنگاونان و گەیشتن بە ئامانجەکانە، مافی بەدیهێنانی خەونەکانە، بێگومان تاوەکو ئامانجەکە بەنرختر بێت، بەهای ئازادییەکەشی ئەستەمترە.

ئەوان لە ئازادیتان دەترسن، لە هۆشیاری و فێربوونی مانای هیوای گەیشتن بە خەونەکان دەترسن، هۆشیاری و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی دیموکراسی بازرگانییەکانیان لەناو دەبات، بۆیەش هەمیشە لە بەندیخانەیەکی گەڕۆك دەمانبەستنەوە، گوێیەکانمان دەگرن و لە بیستنی دەنگی ئازادی دوورمان دەخەنەوە، دەممان دادەخەن و ناهێڵن پرسیار بکەین، چونکە وەڵامیان نییە، چاویشمان بۆ بینین کوێردەکەن، تەنیا دەتوانین بە ئاراستەی ویستی ئەوان بجووڵێین.

ئەوان رووبارەکانی ژیانی ئێمەیان پێ زەریایە، بۆیەش هەوڵی وشککردنی دەدەن، تاکوو تاکێکی خەوتوو دروست ببێت و تەنیا بە جەستە زیندوو بێت، نەك خاوەن ژیان، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئازادی بۆ خولقاندنی پێشکەوتن و دڵخۆشییە نەك بۆ بانگەشە و پۆز.

هەرچەند بانگەشەچییان بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن و ناوی ئازادی دەهێنن، بەڵام خۆیان دیل و کۆیلەی قات و ریباتن! ئەوان ترسی لەدەستدانی جلوبەرگەکانیان هەیە، بەڵام با ئێمە لێیان بدڕێنین تاکوو ئازادی بۆ هەموو نەوەکان و هەڵبژاردەکان و ئایدۆلۆژیاکان بێت.

**٢. ئازادیی بە جلوبەرگی قازیەوە**

کۆمەڵێکی دیکە هەن کە بڕیار دەدەن و کتێبی



**زیلان سارمەمی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

یاسایان نییە! کتێبێکی گەورەتریان هەیە، کە نووسینەکانی هیچ کات تەواو نابن و هەر زۆرتر و زۆرتر دەبن و نووسەرەکانی زۆرتر کەسانی ڕەخنەگری بێ بنەمان، کە هەموو ڕۆژێك لە خەو هەڵدەستن لە بێسوودی و خۆ تێکەڵکردن لە هەموو تەوەرێکی ژیان، لە باسکردن سەبارەت بە بۆنی فاسۆلیای سووتاوی دراوسێ، تاکوو دوایین بیردۆزەکانی فیزیای کوانتۆم و چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵات و هەزاران باسی جیاواز، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانیانەوە نییە، بەشدار دەبن، کتێبی ئەم نووسەرانە سڕکەرە و خوێنەر بێهۆش دەکا و هەموو بنەما جوانەکانی ژیان لەناودەبەن، ناوی ئەم کتێبەی قازییەکانی ئازادیمان کتێبی قسەی خەڵکە .

**٣. ئازادی بە جلوبەرگی دکتۆرەوە**

ئەم ئازادییە کەسانێك بەڕێوەی دەبەن کە وا هەستدەکەن پسپۆڕی چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەکن، وا هەستدەکەن کە ئەگەر بێن و خۆیان بە ژیانماندا شۆڕ بکەنەوە، دەبنە پاڵەوانانی مرۆڤایەتی.

وا نییە! چونکە خویان نەخۆشن:
وا مەکە .. وابکە،
وا مەڵێ .. وا بڵێ،
بۆ سوور؟ نەخێر مۆر،
بۆ ئاو؟ ماستاو!
بۆ چا ئەی ٢٠١٩ نییە؟ قاوە ..

بەهەرحاڵ ئازادی هەموو جلوبەرگێکی لەبەرە، جگە لە جلوبەرگی سپیی ناوەڕۆکی خۆی.

جلی مامۆستا لەبەردەکات و فێرمان دەکات، جلی دکتۆر لەبەردەکات و چارەسەرمان دەکات، جلی قازی لەبەردەکات، تاکوو دوایین بڕیاری ژیانمان بدات، جلی قات و ڕیباتیشی لەبەرە، بەڵام گەر ئەم جلانە بدڕێنی دەبینیت ئەم کەسانە قەسابن و کاریان سەربڕینی خەون و ئامانجەکانمانە، بەڵام پێویستە هەموو لایەکمان بزانین کەوا ئازادی بۆ دروستکردنی خۆشبەختییە، نەك بۆ کڕین و فرۆشتن.

***

١٤ / ٧ / ٢٠١٩ - ئەستەنبۆڵ

# چۆن پشتێنێکی سەرنجڕاکێش هەڵدەبژێریت؟



بەستنی پشتێن، جوانییەکی نەرم و ناسك بە کەمەر دەدات، جیاوازیشە ئەگەر کراسێك، یان بەدییەکت لەبەر بێت و یەکێکیان بێ پشتێن بێت و ئەوەی دیکەش بە پشتێنەوە دەربکەوێت، ئەوکات جیاوازیی جوانیی و جیاوازیی نێوانیان بەدی دەکەیت، پسپۆڕانی جوانکاری لە زۆربەی مارکەکان جەخت لەسەر پێویستی و جوانیی پشتێن دەکەنەوە، جگە لەوەی مۆدێکی جلوبەرگە، هەروەها ناوقەدیش بە باریکی و تەنکی نیشان دەدات. ئەوانەی خوارەوەش چەندین مۆدی پشتێنن: سەرەتا لە پشتێنەکانی ئەلیکساندەر ماکوین دەست پێ دەکەین، کە زۆربەی لە پێستە درووستکراوە و لە ڕەنگەکانی ڕەساسی و سپی و سەوزن، لەگەڵ جلی ڕەنگ سوور شیکن، دواتر پشتێنەکانی بۆتیگا ڤینیتا دێت، کە ئەوانیش لە پێستە و لە ڕەنگی زەرد و زێڕینن و بۆ کاتی ئاهەنگ و دەرچوون گونجاون، پشتێنەکانی گوتچی، لە شێوەی لیزەر وان، بە مرواری ڕازاونەتەوە، بۆ دەرچوون و زانکۆ گونجاون، پشتێنەکانی کۆرسی لۆی، بۆ ئەوانەیە کە کەمەریان زۆر باریکە، ئەو پشتێنەش ئەستوورە، بەم چەشنە باریکیی کەمەرت دەشارێتەوە، زیاتر لە ڕەنگی سپی و ڕەشن، پشتێنەکانی ڤالنتینۆ، کە پان و ئەستوورن، زیاتر لە ڕەنگی ڕەشن، لەگەڵ کراس و عەزی ڕازاوە دەبێت، پشتێنەکانی ڤێرساچی، بەرز و بە پشتێنی بڵند ناسراون، کە لە بەرزیی شوێنی کەمەر دەبەسترێت، لەگەڵ هەموو جلێك شیك دەبێت.



## نمرە و شێوازەک

ڕەنگە ئافرەتان تێبینی ئەوەیان نەکردبێت کە ڕەنگی لێو بۆ بەیانیان و ئێواران جیاوازن، هەندێك لە خانمان یەك جۆر ڕەنگ بۆ هەردوو کات بەکاردەهێنن، وەك ئاشکرایە لە بەیانیان تیشکی خۆر بەتینە و دنیا ڕووناکە، بۆیە تۆی خانمیش پێویستت بە ڕەنگێکی لێوی مات و نەرم هەیە، چونکە هەمیشە بەرچاو دەبیت، بەڵام لە کاتەکانی ئێواران و شەواندا تاریکی زاڵە، ئەگەر ڕەنگی لێوت مات بێت، زیاتر ون دەبێت، بۆیە پێویستە جیاکاری نێوان ڕەنگی لێو لە بەیانیان و ئێوارەدا بکەیت، ئەمە ڕێنماییەکانی پسپۆڕی ماکیاژ (سیڤۆرا)یە، کە دەڵێ: «هەوڵبدە هەمیشە ڕەنگی لێوت لەگەڵ ڕەنگی جلت، یان لەگەڵ ڕەنگی خشڵ و ئێکسسوارەکانت شیك بکەیت، نمرەکانی ڕەنگی لێویش لە بیر مەکە، چونکە نمرەکان



## ـــــــانی ڕەنگی لێو

شێوازی جوانیی لێوت نیشان دەدەن» سیڤۆرا دەڵێ: «چوار نمرە ڕەنگی جۆراوجۆر بۆ ڕەنگی لێو هەن، کە بریتیین لە (نمرەی یەکەم ڕەنگی پەمەیی، یەکێکە لە ڕەنگە بریقەدار و دیارەکان، کە لەگەڵ ماکیاژی بریقەدار شیکە و بۆ کاتی دەرچوون و سەردانی و ئاهەنگەکان گونجاوە، نمرەی دووەم ڕەنگی کیوبیدە، کە بەندە بە ڕەنگی تۆخ و مات، وەك سوور و ڕەنگی جگەری، لەگەڵ ڕەنگی ڕوومەتی برۆنزی گونجاوە و شیك دەبێت، نمرەی سێیەم ڕەنگی تۆخ و ماتە، کە ڕەنگی میتالیك پێکدەهێنێت و مۆدێکی کلاسیك و کۆنە، بۆ ئەوانە شیاوە کە لێویان بچووکە، بۆ زانکۆ و کاتی دەوام گونجاوە، نمرەی چوارەم ڕەنگە تۆخەکانن، وەك وەنەوشەیی و باستیل، کە بۆ بازاڕ و دەرچوون و میوانداری گونجاوە».



## کراسی درێژ
## بۆ بۆنە و یادەکان

هەمیشە کراس و عەزیەی درێژ نموونەی جوانترین جلی بۆنە و یادەکانن، بەتایبەت ئەو بۆنانەی لە کاتی شەوانە و سەر لە ئێوارەدا ساز دەکرێن، جوانیی کراسی درێژ، کەسایەتی و شکۆ بە ئافرەتان دەدات، هەروەها مۆدێکی ناسکە بۆ کچان، کە شێوەیان لە خۆیان گەورەتر دیار دەخات، مۆدەی جلەکانی (پامێلا ڕۆلاند و جێنی بێکهام) جوانترین مۆدەکان دروست دەکەن، هەمیشە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و شیك بە کراسی درێژ و عەزی نیشان دەدەن، کراسی درێژ و عەزی، جگە لەوەی مۆدێکی نایابە هەروەها بەشی پڕی خوارەوەی جەستە ون دەکات، بە تایبەت ئەوانەی ڕان و قاچیان پڕ و گەورەیە. ئەو مۆدانەی کە کراس و عەزی درێژ پێك دەهێنن بریتیین لە: پامێلا ڕۆلاند، کراسی درێژ بە کەتافەی سەر شانەکانەوە بەناوبانگە، لە نمایشکانی بلۆمارین و بیبۆ مۆهاباترا بووە جوانترین مۆدەی جل، شێوازی بیبۆ مۆهاباترا، کراسی درێژی ناوقەد باریك و لە بەشی سەرەوە کراوەیە، بۆ ئەوانەیە کە کەمەریان پڕە و بەم چەشنە جەستەیان ڕێك دەردەکەوێت، مۆدەکانی ئەلێکس مابایل، ئەو جۆرە کراسێکە کە درێژە و کەمەریان بەرزە، واتە شوێنی پشتێن لەسەرەوەی شوێنی ئاسایی خۆی دەبێت، کە هەندێکیان فەتحەی لەسەر قاچ و تا سەر ئەژنۆ هەیە، ئەو جۆرە عەزیەیە بەناوبانگە و گونجاوە بۆ ئاهەنگ و زەماوەندەکان.


# ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لە کوردستان

کوردستان ئەگەر هەر چوار پارچەی یەك بگرێتەوە، دەبێتە یەکێك لە خۆشترین وڵاتانی جیهان، چونکە هەر لایەنێکی پڕە لە دیمەنی جوان و شارستانیەتێکی کۆن و خاوەن مێژوویەکی دێرین، کوردستانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، نموونەی جوانترین وڵاتی جیهانن، ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لە هەر پارچەیەکی کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام جوانترینیان لە باکوورە و لە شاری (ماردین)ـە. شاری ماردین دەکەوێتە کوردستانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی تورکیا، ئەو شارە جوانە دەکەوێتە بناری چیای ماردین کە ئەو چیایە گرنگییەکی مێژوویی و کۆنی هەبووە لە داستان و شۆرشەکانی کورد، شاری ماردین سێ دەرگای سەرەکیی هەیە، کە پێی دەگوترێ: دەرگای (ئاسنین و مەشکییە و وێنە)، لە ماردین دوو مزگەوتی گەورە هەیە، کە ناویان (مزگەوتی گەورە و مزگەوتی شەهید)ـە، هەروەها چەند کڵێسەیەکی لێیە لەوانە : کڵێسای مار شمونە و عەزرا و زەعفەران، یەکێك لە جوانترین نەریتەکانی ئەو شارە، شێوازی هاوسەرگیرییە، کە ئەویش بەم شێوەیە ئەنجامی دەدەن، دوای ئەوەی کوڕ و کچێك یەکتریان بە دڵ دەبێ، پاشان هەردوو ماڵی کوڕ و کچە، یەکتر دەبینن و ئەمەش لە داوەتێکی ماڵی کچە بۆ ماڵی کوڕەکە و لەویشەوە دوای ڕەزامەندی، ئافرەتان دەست بە لێدانی (هەلهەلە) دەکەن، لەو کاتەش کوڕەکە، یان زاوا دەچێتە لای بووك و تارای سەر بووکە دەهێنێتە خوارەوە ئەمەش بە مانای شکاندنی شەرم و دواتر ڕۆژی (شەکراو) خواردنەوە دیاری دەکرێ، لە ڕۆژی شەکراو خانمی بووك دادەنیشێ تاوەکو زاوا دێ، ئیتر بووکە دەچێتە لای زاوا دادەنیشێ و ئینجا



## کراسەکەی شازادە دایانا بۆ فرۆشتنە

دایانای شازادەی نازداری شانشینی بەریتانیا کە بە شازادەی دڵان ناسراوە، زیاتر لە(٢٠) ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕ دەبێت، ئێستا کەرەستە و کەلوپەلەکانی بوونەتە گرانترین کەرەستەکان، بەتایبەت کەلوپەل و جلەکانی، دایانا کاتێك لە ساڵی (١٩٨٦) سەردانی وڵاتی بەحرێن دەکات، ئەو کات کراسێکی درێژی لەبەر بووە کە لە هەردوو ڕەنگی (سپی و شین) بووە، کراسەکەی تا ئێستا ماوە، دواجار ماڵی (کیرێ تایلۆر ئاوکشن) کە تایبەتە بە جلوبەرگ، جلەکەی دایانای نمایش کردووە بۆ فرۆشتن، جگە لەو جلە لە پێشوودا (٣) پارچە جلی شازادە دایانەیان فرۆشتووە، بەڵام کراسەکەی ئەوجارە نرخێکی زۆری بۆ دانراوە، بەهۆی ئەوەی جلەکە لە کات و ساتێکی فەرمیدا و گەشتی دەرەوەی بەریتانیاشی پێوە کردووە، بۆیە دەبێ نرخەکەی لە جلەکانی دیکە جیاواز بێت، لە کۆتاییدا کراسەکەی شازادە بە (٤٩٠) درهەمی ئیماراتی فرۆشرا کە دەکاتە (١٣٣) هەزار دۆلار.



## باڵندەی بەهارات

باڵندەکان هەر یەکە ڕەنگ و شێوەیەکیان هەیە، هەندێکیان ڕەنگیان زەق و دیارن کە بۆ جوانی و زینە بەکاردەهێنرێن، هەندێکیشیان چارەیان ناشیرینە و تەنانەت ناتوانی سەیریشیان بکەیت، ئەو باڵندە لە وڵاتی بەریتانیا لەسەر ڕێگای دەریادا بە بێ هێزی دۆزراوەتەوە، کە ڕەنگی هێندە زەردە وەك کاری و بەهارات وایە، باڵندەکە ناوی (سیاگول)ە، دوای ئەوەی دەبردرێتە نەخۆشخانەی (ڤالی وایلد)ی تایبەت بە گیانداران، لەوێوە چارەسەری بۆ دەکرێت و ئێستا سەلامەتە، ڕەنگی ئەو باڵندەیە پرتەقاڵی تۆخە، وەك ئەوەی ڕەنگی بەهاراتی بەسەردا کرابێت، دوای ئەوەی پزیشکێکی ڤێتێرنەری بە ناوی لوکاس، وای بۆچووە کە ئەوە ڕەنگی خۆی نییە و ڕەنگە بەر کاریگەرییەك کەوتبێت کە ڕەنگی وای لێهاتبێت، دواتر بۆی ڕوون دەبێتەوە کە کەوتۆتە نێو پاشماوەی کارگەیەکی ڕەنگکردن، دوای ئەوەی دەیشوات و ڕەنگی جارانی دەگەڕێتەوە، دەبینن کە سپییە.



## ـــــی باکوور


شیرینی و شەربەت دابەش دەکرێ،بوك و زاوا لە رۆژی ئاهەنگ دەرۆنە دەرەوەی شاری ماردین و پاشان سەرەی خۆشووشتنی بووك و زاوا دێ، کە ئەوەش زاوا بە جیا لەگەڵ چەند گەنجێك دەچێتە شوێنێك بە ناوی (زنار) لەوێوە خۆی دەشوا لە ئاوی ئەو شوێنە و هەمان شتیش بۆ بووکەخان کە ئەویش لەگەڵ چەند ئافرەتێك ئەو خۆشووتنە ساز دەکات، کە دەبێ لەسەر پشتی ئەسپەوە بێ، دواتر هەر لە رێگادا لەلایەن کەسێکی بووکەکەوە، بووکە پێشکەش بە زاوا دەکرێ، پاشان دێنەوە ماڵەوە و لەویشەوە کەسێك بە دەست بە خەنجەرەوە دێتە پێش ئامادەبووان و خەنجەر لە زەوی دەدا و هەر یەکە دیاری خۆی پێشکەش دەکات کە بە (شاباش) ناسراوە، پاشان دەبێ زاوا بە پێ بڕوات و بووکەش بەسەر ئەسپەوە بێ، ئیتر دەڕۆنە ماڵی زاوا و ژیانی هاوسەری دەست پێ دەکەن.

## شاری دێوەکان

شارۆچکەی (بۆدگۆریالی) دەکەوێتە کەنداوی (سەقلیە) لە ئیتاڵیا، ئەو شارۆچکەیە دەکەوێتە سەر هێڵی بوومەلەرزە، دوای ئەوەی ناوچەکە لە ساڵی (١٩٦٨) بەر زنجیرەیەك بوومەلەرزەی زۆر دەکەوێت، خەڵك شوێنەکە جێ دەهێڵن، ئێستا وەك شارێکی چۆڵکراو و وێرانبووی لێهاتووە، وەك ئەوەی جەنگ لەو شارەدا روویدابێت، هەندێ لەوانەی سەردانی ئەو شارەیان کردووە، دەگێڕنەوە کە بۆتە شاری جن و دێوەکان، گەشتیاران لە کاتی گەشتەکەیان بۆ ئەو شارە بەتایبەت لە شەودا، چەندین حاڵەتی ترسناك و سەیریان بینیوە، ئەوەی سەیرە تا ئێستاش نووسینی سەر تەختەکانی قوتابخانەکان ماوە، خەڵکی ئەو شارۆچکەیە حەز بە گەڕانەوەیان بۆ شارەکەیان دەکەن، بەڵام کە گوێبیستی ئەو دەنگۆیانە دەبن، لە ترسان ناگەڕێنەوە، هەندێکیش پێیان وایە ئەو دەنگۆیانە تەنیا قسەیە تا خەڵك بۆ شارۆچکەکە نەگەڕێتەوە.




## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە وشکبوونی ژینگە دەکات، هەروەها قەیرانی کەمئاوی، کە وای لێدیت خەڵك بۆ بەدستهێنانی بڕە ئاوێك پێشبڕکێ بکەن.

## فێڵکاریی چاو



لەم وێنەیەدا کە سەری کەسێکە، چەندین کەسی دیکەش هەن، هەوڵبدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا زۆرترین کەس دیاری بکەیت و ژمارەی هەموانیش بزانیت.

## تۆپێ پێ بە ئاگر

لە شاری (یۆگۆکارتا) لە وڵاتی ئەندەنووسیا سەیرترین یاریی تۆپی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەویش یاری کردن بە تۆپی پێ بە ئاگرەوە، کە تۆپێك دەهێنن و ئاگری تێبەر دەدەن، هەر یەکە شووتێکی لێدەدات، کە مەرجە بە خێرایی شووتەکە لێبدەیت و ئەوکەسە قاچی نەسووتێت، یارییەکی سەیرو کلتوورییە تایبەتە بەو وڵاتەوە، هەر یەکە هەوڵ دەدات کە تۆپەکە لە خۆی دوور بخاتەوە، سەیرتر لەوەدایە کاتێك گۆڵچی دەیەوێ تۆپەکە بگرێتەوە، ئەویش بە دەستەوانەیەکی ئاسنینەوە تۆپەکە دەگرێتەوە، تادەستی نەسووتێ، یاریەکی خۆش و پڕ پێکەنینە، خۆشیی ئەو یارییە لەوەدایە کە کەس ناتوانێ بە هێزەوە شووت لە تۆپە ئاگرینەکە بدات، چونکە قاچی دەسووتێت، بۆیە بە هێواشی و بە جۆشەوە یاری دەکەن و زۆربەی یاریزانە ئافرەتەکان دوای یاری دەبێ چارەسەری قاچیان بکەن.



## بۆ زانـ

**یۆرانیۆم**

یەك تەن لە یۆرانیۆمی سرووشتی دەتوانێ زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کیلۆوات کارەبا لە کاتژمێرێکدا بەرهەمبێنێت، ئەمەش هاوتای سووتاندنی ١٦٠٠٠ تەن خەڵوز یاخود سووتاندنی ٨٠٠٠٠ بەرمیل زەیتە. یۆرانیۆم لە سرووشتدا بوونی هەیە بە ڕێژەی ٤٠ هێندەی مس، توخمی یۆرانیۆم لە ساڵی ١٧٨٩ لە لایەن کیمیازانی ئەڵمانی (مارتن کلاپۆرپ) دۆزرایەوە، کە ئۆکیسدی یۆرانیۆمی جیاکردەوە لەو کاتەی نموونەکانی پیچبلێندی شیدەکردەوە (کانزایەکی ڕەنگ ڕەشە) لە کانەکانی مس لە شانشینی پێشووی ناوچەی بۆهیمیا کە ئێستا دەکەوێتە کۆماری چیك. لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٣ نرخی ٠,٤٥ کگم یۆرانیۆم تەنها ١٠,٧٥ دۆلاربوو، لە نیوەی ساڵی ٢٠٠٦ دا نرخەکەی بەرز بویەوە بۆ نزیکی ٤٥ دۆلار، لە سەرەتاکانی ٢٠٠٧ دا نرخەکەی نزیك بویەوە لە ١٠٠ دۆلار، بۆ ٠,٤٥ کگم. زیاتر لە ٦,٦ ملیار ساڵ لەمەوبەر یۆرانیۆم دروستبووە لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی گەورەی گەردوونی ئەویش (سوپەرنۆڤا) یە، ئەمەش بە پێی زانیاری ئاژنسی ناوکی جیهانی. لەگەڵ ئەوەی یۆرانیۆم پەیوەندی بەهێزی و هاوڕێکی هەیە لەگەڵ تیشکە چالاکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕێژەی بزربوونی زۆر کەمە چونکە لە ڕاستیدا توخمێکی زۆر تیشکدەر نیە. یۆرانیۆم (٢٣٨) نیوە تەمەنی بە ٤,٥ ملیار ساڵ مەزندە کراوە، یۆرانیۆم (٢٣٥) نیوە تەمەنی بە زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن ساڵ مەزندە



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە هەوڵی خەونەکانت بەردەوام بە، مەهێڵە دژایەتیت بکەن، کاریگەریی کەسانی دڵسۆزت لەسەر تۆ بەرەو سەرکەوتنت دەبات، هەوڵبدە کەسایەتیت بپارێزیت، ئەو کاتەی پێویستت بە کەسێکە، کاتی مەبە لەگەڵی و لەگەڵ یەکتر بەردەوام بن.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بڕیارەکانت دروستن و کارێك مەکە ببێتە هۆی بێزاری و کێشە بۆت، کەسێك نیازی هەیە لێت نزیك ببێتەوە، بۆیە دەبێ یارمەتی بدەیت، کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت، متمانەت بە خۆت بێت. ئەرکی کەسانی دیکە قورس مەکە، ڕێگای داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لایەنە باشەکانی خۆت دیار مەخە، تەنیا بە کردار بیسەلمێنە، کەسانێك چاودێریت دەکەن، یارمەتیی کەسانی دیکە بدە و کارەکانت بە باشی جێبەجێ بکە، کەسێکی نزیکت دڵی لای تۆیە، بڕیاری وا مەدە ببێتە هۆی بێزاریت، دڵت گەورە بێت بۆ کێشەکانی داهاتووت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەرەو تازەگەری دەچیت و بڕیاری وامەدە کاریگەریی خراپی لەسەر کەسانی دیکە هەبێت، هەوڵبدە لە ڕێگەی کارەکەتەوە سەرکەوتن بۆ خۆت دابین بکەیت، خەریکە لەگەڵ کەسێك ژیانتان بەرەو خۆشی دەچێت، تۆش هەوڵی بۆ بدە و لە دەستی مەدە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


کەسانێك هەن باشەی تۆیان دەوێت، تۆش بە هەڵە لەوان گەیشتوویت و وادەزانی کە دەیانەوێت ئازارت بدەن، زیاتر لە جارێك هەوڵی کاری چاکەت داوە، بەڵام بە خراپە بۆت گەڕاوەتەوە، یارمەتی ئەندامانی خێزانت بدە، ژیانی داهاتووت هەنگاوی باشت بۆ دەهێنێت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ڕەفتارت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت باشە، بەڵام وامەکە ببیتە سەرچاوەی ناخۆشی بۆیان، ئەوانەی تۆیان ئازار داوە، لێیان خۆش بە، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، ئەمەش کاتییە و دەڕوات، پێویستە کاتەکانت دیاری بکەیت و لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ بڕۆیت.

## یاریت

کراوە، وە یۆرانیۆم (٢٣٤) نیوە تەمەنی کەمتر لە ٢٤٥٥٠٠ ساڵی هەیە. بەڵام تیشکە چالاکی ڕوونادات تەنها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نەبێت لە ڕێگەی بزربوونی یۆرانیۆم (٢٣٨). هەموو کردارەکانی کەرتبوون گەرمیە ووزە بەرهەمدێنێت، لە کارتیاکەرە ناوکیەکاندا (وێستگەی ناوکی) ئەم گەرمیە بەکاردێت بۆ کوڵاندنی ئاو، پاشان هەڵمێك دروستدەکات و دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی تۆرباینەکان بجووڵێنێت و ووزە بەرهەمبێنێت (وەك کارەبا) وە کۆنترۆڵی کارلێکەکە دەکرێت لە ڕێگەی ماددەیەکەی وەك : کادمیۆم یا بۆرۆن، ئەم ماددە دەتوانێ نیوترۆناتی زیادەش هەڵمژێت بۆ ئەوەی لە زنجیرە کارلێکەکان دەریانبکات و کارلێکەکان باشتر بەڕێوە بچن.




## پوختەی فیلم

**فاست ئەند فریۆس - Fast & Furious Presents: Hobbs & Shaw**

فیلمێکی ئەکشن و تایبەتە بە شەڕ و ئوتۆمبێل، لە زنجیرە فیلمەکانی فاست ئەند فریۆسە، باس لە کەسێك دەکات بە ناوی (جۆنسۆن) کە بە (هۆبس) ناسراوە و ئەندامێکی ئاژانسی دیپلۆماتی ئاسایشی ئەمریکییە، لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی (شاو) کە ئەندامی سەربازیی بەریتانییە، بەیەکەوە بەرەنگاری تاوانکاری و کۆمەڵەیەك دەبنەوە، بە سەرپەرشتی گاینس، کە ڕۆڵەکەی لەلایەن ئیدریس ئەلباوە بەرجەستە دەکرێت، دواتر لە کۆتاییدا تیمی هۆبس و شاو، سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (١٦) خولەکە، فیلمەکە لە وڵاتی ئەرژەنتین وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی دەیڤید لاتیچ و لە نواندنی دواین جۆنسۆن و جەیسۆن ستیهام و ئیدریس ئەلبا و ڤانیسیا کێربی و ڕۆمان ریگینسە.





## پەند و وتە

مارلین مۆنرۆ، ئەکتەر و مۆدێل و گۆرانیبێژی ئەمریکی، لە ساڵی (١٩٢٦) لە شاری لۆس ئەنجلیس لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٦٢) لە کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پیاوان و ئافرەتان دەڵێ: «ئێمەی جوانان پێویستە خۆمان سەرشێت و نەزان نیشان بدەین، تا پیاوان وا هەست نەکەن کە ئێمە هەم جوانین و هەمیش هەموو شتێك دەزانین، تا خۆیان لە ئێمە بە گەورەتر ببینن.




دوو خۆشەویست بەیەکەوە دەچنە پیاسە، کچەکە دەڵێ: گیانەکەم وشەیەکم پێ بڵێ دڵم خێرا لێ بدات. (مەبەستی ئەوەیە کە باسی خۆشەویستیی بۆ بکات)، کوڕەکەش دەڵێ: «باوکت لە دوامانەوەیە».



**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەست دەکەیت کەسێکی فەرامۆشکراوی، بەڵام نابێ وا بیر بکەیتەوە، کەسانێك هەن تۆیان پێ گرنگە، بەڵام نایانەوێت بۆت بسەلمێنن، تۆ بە کارە جوانەکانت یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت، کەسێکی سەرکەوتوویت و مەهێڵە داهاتووت بەرەو ناخۆشی بچێت.




**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی سادە و بێ زیانیت، دەتەوێ دڵی هەمووان خۆش بکەیت، کەچی ئەوەش قورسە بۆت، هەمیشە دڵت کراوە بێت، تا دەتوانی کێشەی خەڵك چارەسەر بکە، کەسێك تۆی بەجێهێشتووە و بۆت دەگەڕێتەوە، مەهێڵە کەسانێك کە دژایەتیان دەکەن بە ئامانجی خۆیان بگەن




**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

خەریکە بە خەونەکانت دەگەیت، بڕیارەکانی رابردووت، داهاتووی تۆی مسۆگەر کردووە، ئەوەی لەسەرتە جێبەجێ بکە، کەسانێك لە هەوڵی کێشەنانەوەن بۆت، دەبێ یارمەتییان بدەیت تا لێت تێدەگەن، گرنگە بتوانیت لەکەسانی دەوروبەرت تێبگەیت، تا کێشەت بۆ دروست نەبێت.




**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە جوانی ڕەفتار بکەیت، کارەکانت بە جوانی بەڕێ بکە، هەتا ببنە مایەی خۆشی بۆت، هەروەها یارمەتی کەسانی دیکە بدە، بڕیاری باشت داوە تا لەگەڵ ژیانی خۆت بگونجێت، هەمیشە بە گەشبینی لە ژیان بڕوانە و تەندروستیت فەرامۆش مەکە.



**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کێشەکانی رابردوو ژیانی تۆیان وێران کرد، باوەڕت بە خۆت بێت و لە داهاتوو بەرەو خۆشی دەچیت، گرنگی بە خۆت بدە و ژیانی خۆت بە کەس مەدە، هەمیشە بیرکردنەوەی باشت بۆ داهاتوو هەبێت، سەرکەوتنت نزیکە و گرنگە متمانەت بە خۆت بێت.



**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەستەکانت بۆ کەسانی نەناسراو دەرمەخە، چونکە دەبێتە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی کەسیت دەبێت، ئەو کاتەی پێویستت بە کارێکە، پێویستە داوای هاوکاری لە کەسانی دیکە بکەیت، بڕیاری داهاتووت بەرەو ژیانی تایبەتیتە، بۆیە مەهێڵە کاریگەریی دەرەوە بەسەرتدا زاڵ بێت.